وەزارەتی دارایی عێراق و دەزگایەکی هاوکاری ژاپۆن رێکەوتنیان واژوو کرد

وەزارەتی دارایی عێراق رایگەیاند، لەگەڵ دەزگای هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (JICA) لە عێراق رێکەوتنەکیان بە وەرگرتنی قەرزی دارایی بە بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار واژەکردووە. دەشێت، " ئەو قەرزە وەردەگیرێت بە چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی لە سەماوە تەرخان دەکرێت".

تەیف سامی وەزیری دارایی عێراق رایگەیاند، لە پێژەکەدا وەستگەیەکی پاککردنەوەی ئاو لە سەماوە لە پارێزگای موسەنا دادەمەزرێنن کە دەبێتە یەکەم وەستگە لە ناوچەکەدا و کەرتەکی تایبەت دەبێت بە پاوەتنی ئاو و جیاکردنەوەی ئەو خوێیە لە ئاوەکەدایە.

وتیشی، بە جێبەجێکردنی پێژەکە بڕی ئاوی خواردنەوە لە پارێزگاکە زیاد دەکات و ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت بە دابینکردنی بڕی ئاوی پێویست بە دانیشتوانی ناوچەکە.

ئاماژەی بەوەش کرد، واژەکردنی ئەو رێککەوتنە لە چوارچێوەی هەوڵ و پلانەکانی حکومەتی عێراق بە جێختکردنەوە لەسەر گرنگی دابینکردنی پاڵپشتی دارایی بەشێوەی قەرز بە پێژە وەبەرهێنانە ئابوورییەکان و درێژدان بە هەوڵە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و ژاپۆن.

لایخشییەو، یەندا جین نونەری دەزگا ژاپۆنییەکە ئاماژەی بەوەکرد، پالپشتیکردنی دارایی پرۆژەکە هەکار دەبێت بە کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنییە ژینگەییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە پارەزگاکەدا.